ناساندن



کریستینه ئالێرت ویبرانیتس

# گوڵبژێرێک
# له هەڵبەستی فەلسەفی و نوێژەنی ئەڵمانی

له ئەڵمانییەوە:

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

(٢-٢)

## پێکگەیشتن

زۆر له خەڵکی
تەنیا بەرەو پێش دەڕوانن
چونکی ئەوان
پێیان وایە
ئەو کەسەی ئەو
پشتی پێوە داوەتەوە
بە قەد دووری
خولێکی دەوری گۆی زەوی
لێوەی دوورە
تۆ لەگەڵما
ئاوازەکەت دەوتەوە و

رایشت وابوو
که به دڵته
بەتێپەڕبوونی کاتیش
چەند بڕگەت کردە مۆسیقا
بەڵام هەرگیز
لە ناوەڕۆکی دەقەکەم
تێنەگەشتی

## کەناس

ماڵەکە پاک دەکەمەوە
ڕێکی دەخەم
پاک ڕای دەگرم
چونکی لە زبڵی روحی تۆ بەرپرسیارم
بۆیە زۆر جار
گسک لە پاشماوەی پێوەندییەکانیشمان
دەدەم
هەتا منیش بەکاوەخۆ
دەبمە زبڵ

## ترس لە ژیان

ئەگەر تۆ دوێنێ
لەوە ترساویت کە ئەمڕۆ
بۆ تۆ
هێجگار باش نییە
ئەوا ئەمڕۆکەیش
ژینت باش نابێ
چونکی تۆ ترست
لە سبەینێ هەیە

## پەڕتووکی

### لەگەڵ هەموو ئەوانەشـدا

(……)
لە گۆڕستاندا، گۆڕ دەبینم
بە گوڵ و گژوگیا، رازاونەتەوە
لێگەڕێن با گۆڕم بژاکێ
تا لە ژیاندام، گوڵم بدەنێ

### تەنیایی

کاتێک هەست بە تەنیایی
دەکەم
لە گەڕان بە دوای دەستێکەوە
مشت بەرەو رووم دەبێتەوە!

### لە هەمبەر مردنەوە

هەندێک بە تامپۆنی ئۆتۆمبێل دەمرن
هەندێک بە هۆی نەخۆشییەوە
هەندێک بە هۆی زوڵمێکەوە
هەندێکیش بەهۆی بێهێزیی پیرییەوە
هەندێکیش بە دەستی خۆیان دەمرن
خراپترین مردن، بەڵام ئەوەیە
بەهۆی نەبوونی
(خۆشەویستی)ەوە بێ!

### لە ژیانەوە

ئەو شتانەی
بۆ خۆشحاڵی ژیانمان

پێویستمان پێیه
سنووردارن
کەچی ئێمە بە بێ سنوور
مەرج و خواستی خۆشحاڵیمان
هەر زیاد دەکەین
ئینجا شکات
لە بەدبەختی خۆمان دەکەین

## بێدەنگی

من نازانم
گاڵتە بوو یاخود بەڕاستی
کە لێت پرسیم:
شەو خەونم پێوە دەبینی؟
کە وتم نەء درۆم نەکرد
چونکی بە رۆژ
من خەونت پێوە دەبینم

## هەڵبەستی شادومانیی خۆشەویستی

من تۆم خۆش دەوێ
بەڵام جارجارەیش پێویستە کەوا
لێت دووركەومەوە
خۆ تۆیش دەزانی
کەوا ناتوانی
هەردەم لە لام بی
بەخواسپاردنیش
مانای جێهێشتن بۆ هەمیشە نییە
یەک بینینەوەیش

مانای هاتنەوەی هەمیشەیی نییە
لێ خۆشتم دەوێ
بۆیە حەز دەکەم
لە تەکتدا بژیم و
خۆشەویستی بکەم

## (...)

تۆ هەرگیز بە جێیەک ناگەیت
ئەگەرەکو رێنەکەویت
هیچ دەرگات لێ ناکرێتەوە
هەزار جاریش باسی بکەیت
ئەگەر لە دەرگەکە نەدەیت

***

گوڵەکان سەرما بردنی هەموو
ئەوان هیوایان بە بەهار بوو
گەرما و تیشکیان پێ بدات زوو زوو
چونکی بۆ ژیان پێویستیان پێ بوو
کەسێکیش لە سەرمادا مرد
ئەویش هیوای بە ئێمە بوو
خۆشەویستی و گەرمی بدەینێ
چونکی لە ژینا پێویستی پێی بوو

## پۆشاک

بۆ ئەوەی ئێمە سەرمامان نەبێ
لەشمان بە بەرگ باش دادەپۆشین
بەڵام بۆچ هەستمان، وا دادەپۆشین
ساتێک بشزانین، سارد دەبینەوە؟

## ڕەوشت

هەستەکانیش، دەبێ ڕێک خرێن
هەر وەک چۆن؛
چەقۆ و کەوچک و چنگاڵ
دوور لە یەکتری و
بەجیا دادەنرێن

## هەڵبەستی خۆشەویستی

دەمەوێت کە من بۆ تۆ گوڵێک بم
کە هێشتا نییە،
لە هەموو کەش و هەوایەکیشدا
هەمیشە جوان
هەمیشە بۆندار
هەمیشە تازە
بەڵام وا جار جار لەوێکانەدا
خونچە و پەلکم لێ هەڵدەوەرێ
دەشچەمێمەوە
کەچی تۆ ئاوها منت خۆش دەوێ!

## شەیدا

وشەکانت
هەوێنەکانت
هەروەک دەنکە - تۆو - و
دەکەونە دڵمەوە
هەستی پێ دەکەم کە لە دڵمدا
گەشە دەکەن

## لێکبەردان

ساتێک یەکترمان لە باوەش گرت
دەمانویست هەرگیز، یەکتر بەرنەدەین
بەڵام نەخێر،
کە دەستەکان و لێوەکانیشمان
لێک ترازان
مانای وا نییە، لێک دابڕاوین

## شەوی زستان لە پەنجەرەوە

بەفری کپ و نەرم لە دەرەوە
بە بانەکانی شارەوە
خەو دەیباتەوە
وە باهۆزەکەی ناخیشم
بەسەر دیوارەکاندا، گڤەی دێ
لێ، بەفرەکە دەتوێتەوە
بەڵام باهۆزەکەی ناخم،
کۆتایی نابێ

## لەمەڕ خۆشەویستییەوە

گەر خۆشەویستی هەبووایە
شتی ترمان پێویست نەبوو
لێ، نەک ئەو خۆشەویستییەی
بە هەڵقەی دەست و گوڵەباخ
دەری دەبڕین
نەخێر، ئەو خۆشەویستییەی
وەک زەردەخەنە لە هەوادا
بە بێ وشە
کاریگەری خۆی بەجێ دێڵێ

## وەهایش ساویلکە

کە دوور کەوتیتۆ، بانگم لێ کردی
پێت دام بەڵێنی، خۆشەویستی
وەک بیسەلمێنی کە درۆ ناکەی
رۆژی داهاتوو، بە نێرەرێکدا
ناردت گوڵەباخ
کە نێرەر منی خەرقی گوڵان کرد
بەڵام درکەکان، منیان زامدار کرد

## مەیل

دەمەوێ بەرەو تۆ هەڵفڕم
بەڵام وا پەروانەکانم
بەر بەردی ترس کەوتن و
تێکشکێنران
دەمەوێ دڵت بدۆزمەوە
بەڵام لە ناو چڕی تەمی نا ئەمینیدا
سەرلێشێواو دەخولێمەوە
دەمەوێ دەستمت لێ بدەم
بەڵام مۆڵەتی نیشتنەوەم، لە لا نییە
چونکی بورجی شەرمەکان
رێ چۆڵ ناکا
بەڵام ئەگەر رۆژێک گەیشتم
پێت دەبەخشم
گەرمی و خۆشەویستی
یان تۆ بڵێیت
بە هەوای تیژی دڵشکاوی
سارد ببمەوە و هەڵبلەرزم؟

## بۆ خۆشـەویسـتییەکی رابردوو کە هێشـتا نەکوژاوەتەوە

خۆشەویستیمان دەنکە گەنمێکە
رەگی لە زەوی پێکەوەبووندایە
هەر بۆیەش کەمتر یەکتر دەبینین
چونکی نازانین
ئەو چڵە ناسکە، پەروەردە بکەین

**(...)**

ژیانی مرۆڤ
وە پێوەندییەکان
وەک گەڵاکانن
کە بە بێدەنگی دەکەونە خوارێ
تۆیش کە ناتوانی
رێگە لە کەوتنەخوارەوە بگری

## بۆ دۆسـتێک

ئەگەر لای من
گشت مۆمەکانی بوێریم
بکوژێنەوە
بێشک هەر تۆی
کە دەمدەیتێ شقارتەیەک
هەتا رووناکی ئاواتم
هەڵکەمەوە